دارایی هەرێم: یەکەمین لیستی فەرمانبەرانی سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێم ئاراستەی بانکی عێراقی بۆ بازرگانی (TBI) کرا



وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، هەفتانە لیستی نوێ بۆ (TBI) ئامادەدەکات و هەروەها حکومەتی هەرێم بەپەرشە بۆ وەرگرتنی خشتەو زانیاری پێویست لەو بانکە پرسەی کردنەوەی هەژمارەکان و دروستکردن و دابەشکردنی کارتەکان.

وەزارەتی دارایی و ئابوری لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، ڕۆژی پێنجشەمەی 16ی (ئایار/5)ی 2024، لەچوارچێوەی پرسەی بەبانکیکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەڕێگای پرۆژەی هەژماری من، یەکەمین لیستی فەرمانبەران کە لە زانیاریی 368 فەرمانبەری سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتوە، ئاراستەی بانکی عێراقی بۆ بازرگانی (TBI) کرا.
ئاماژەی بەوەشکردوە، "حکومەتی هەرێم بەردەوام دەبێت لە ئامادەکردنی لیست و زانیاری موچەخۆران کە ئەم بانکە هەڵدەبژێرن لە نێوان حەوت بانکەکانی ناو پرۆژەکەو بەپێی ئەو پرسەیەی کە بانکی ناوەندی عێراق پەسەندی کردوەو هەفتانە لیستی نوێ بۆ بانکەکە ئامادەدەکات".
ئەوەشیخستەڕوو، "حکومەتی هەرێم بەپەرشە بۆ وەرگرتنی خشتەو زانیاری پێویست لە بانکی

عێراقی بۆ بازرگانی دەربارەی پرسەی کردنەوەی هەژمارەکان و دروستکردن و دابەشکردنی کارتەکان، هەروەها چاوەڕوانی وەڵامی داواکارییەکی پێدانی زانیاری (RFI)ـە کە لە ڕۆژی 29ی مانگی ڕابردو بۆ بانکەکەی ناردوە و تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، ئەم زانیارییانەی گرنگن بۆ دڵنیابون لەو توانا و ئامادەیی ئەم بانکەی لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بەو موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان".

وەزارەتی دارایی و ئابوری دەشڵێت، "هیوادارین بانکی عێراقی بۆ بازرگانی بەزوترینکات دەست بەکردنەوەی هەژماری بانکی بۆ فەرمانبەرانی خوازیار بکات".